گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3099 (PP 101-113 )
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.9

توێژینەوە

# بنەماکانی فەلسەفە لە پەرتووکی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆ لە وەرگێڕانی (د. عەزیز گەردی)

ژوان عبدالسلام عزیز گەردی/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، لەژێر ناونیشانی ((بنەماکانی فەلسەفە لە پەرتووکی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆ لە وەرگێڕانی (د. عەزیز گەردی) ))دایە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەماکانی فەلسەفە لە (هونەری شیعری ئەرەستۆ)دا. فەلسەفە؛ گەڕانە بەدوای ئەو نهێنیانەی کە مرۆڤ بە ئاسانی پەی پێ نابات، (د. عەزیز گەردی)ـش لە وەرگێڕانی پەرتووکەکەدا؛ بنەماکانی فەلسەفەی خستۆتەڕوو، کە پێشتر درکی پێنەکراوەو زانیارییە نەزانراوەکانی کردووە بە زانین و نادیدەکانی بەردیدەخستوون؛ بەشێوەیەک کە لەبابەتەکانی نێو ئەم پەرتووکەدا قالبۆتەوەو بیرکردنەوەکانی خۆی لەبارەی هەر یەک لە بابەتەکان دەربڕیوە، بۆ ئەوەی زانیارییەکانی بابەتە شاراوەکان زانراو و دەربخات، ئەوەش هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن، تاوەکو وەرگر هەستی پێبکات یاخود درکی پێبکات، ئەمەش بە گەڕان بە دوای بنەما فەلسەفییەکان، کە لە دوو توێی (هونەری شیعر-شیعرناسی)ـدا بەرجەستە بوون، واتە: لێکۆڵینەوەیە لە بابەتگەلێک و دۆزینەوەی وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی کە لەهزری وەرگێردا زرنگاوەتەوە، (د. عەزیز گەردی) بە دوای چییەتی و چۆنییەتی و بنچینەو بوونی پەیوەندی بابەتەکان بە یەکترییەوە گەڕاوە، چونکە فەلسەفە گەڕانە بەدوای هەر بابەتێک کەبتوانرێت بنکۆڵبکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە بووە بە دوو بەش: لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەمک و ئەرکەکانی فەلسەفە دەکات، لەبەشی دووەمیشدا بنەماکانی فەلسەفە لە پەرتووکی وەرگێڕدراوی (د. عەزیز گەردی) خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامی بەدەستهێنراو و سەرجەم سەرچاوە سوود لێبینراوەکان خراونەتەڕوو.

CORRESPONDENCE
ژوان عبدالسلام عزیز گەردی
zhwan.azeez@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

وشە سەرەکییەکان:
بنەماکانی فەلسەفە،
پەرتووک،
ئەرەستۆ،
وەرگێڕان،
د. عەزیز گەردی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

فەلسەفە شێوازێکی مەعریفی دەگمەنە، گەردوون و مرۆڤ و بەرهەمی مرۆڤ دەخاتە ژێر بواری لێپرسینەوەو وردبوونەوەو شیکردنەوە؛ بەمەبەستی دیاریکردنی سەرچاوەی دروستبوون و گەیشتن بە جەوهەری دیاردەکانە، لەم توێژینەوەیەشدا کە بەناونیشانی (بنەماکانی فەلسەفە لە پەرتووکی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆ لە وەرگێڕانی (د. عەزیز گەردی))یە، هەوڵی (د. عەزیز گەردی) بۆ ئەوە بووە کۆمەڵێ بنەمای فەلسەفی لە دووتوێی وەرگێڕانی پەرتووکەکەی ئەرەستۆدا بەرجەستە بکات، بەشێوەیەک کە تاکی کورد لە تێگەیشتن و زانینی ئەو بەرهەمە دەگمەن و بنەما فەلسەفییانە پشکی شێری بەربکەوێت.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا؛ (میتۆدی وەسفی شیکاری)ـمان پەیڕەو کردووە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی وەسف و ناساندنی فەلسەفەوە بەرەوە وردبوونەوەو شیکردنەوەی بنەماکانی فەلسەفە لە پەرتووکی وەرگێڕدراوی ئەرەستۆدا؛ لە گۆشەنیگای (د. عەزیز گەردی)ـیەوە ڕوونکراوەتەوە.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بنەماکانی فەلسەفە بەپێی تێڕوانینی (د. عەزیز گەردی) لەو پەرتووکەدا بەرجەستە بخرێت، لەمەوەش ئاسۆی بیرکردنەوەو بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی (د. عەزیز گەردی)ـمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن هەوڵیداوە وەڵام بۆ ئەو پرسیارو بابەتانەی لەبیرو هزریدا گەڵاڵە بووە؛ بدۆزێتەوە.

بەرنامەو پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەکە پێشەکی و دوو بەشی لەخۆ گرتووە: لەبەشی یەکەمدا؛ سەرەتایەک بۆ فەلسەفە لە ڕووەکانی (فەلسەفە چییە؟، چەمکی فەلسەفە، فەلسەفە بەچی دەست پێدەکات، ئەرکی فەلسەفە چییە؟) باسکراوە، لەبەشی دووەمیشدا؛ بنەماکانی فەلسەفە لەوانە: (فەلسەفەی ئەو دیو سروشت، فەلسەفەی سروشت، دەروونناسی، مەنتیق (ژیربێژی)، جوانیناسی، ئەخلاق، فەلسەفەی یاسا، فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی کۆمەڵناسی) لە پەرتووکی وەرگێڕدراوی د. عەزیز گەردی-هونەری شیعر (شیعرناسی)دا) خراوەتە بەر توێژینەوەو شیکردنەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامی بەدەستهێنراو و سەرجەم سەرچاوە سوود لێبینراوەکان خراونەتەڕوو.

**یەکەم: سەرەتایەکی گرنگ بۆ فەلسەفە:**

**1- فەلسەفە چییە؟**

هەر کات باس لە فەلسەفە بکرێت؛ ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارە بە بیرماندا دێت؛ فەلسەفە چییە؟ بێگومان ڕاوبۆچوونی زۆر لەبارەی شیکرنەوەو دۆزینەوەی وەڵامێکی دروست دراوە، بەڵام گەیشتن بە واتای تەواو و دروست بۆ ئەم لقە مەعریفییە ئاسان نییە، چونکە خۆی پرسیارێکی فەلسەفییەو بۆیە وەڵامێکی وردی نییە.

لە لای (دولوز)؛ فەلسەفە: بۆتە ڕێزلێنانی ژیان، پێکهاتەی باڵای فکری فەیلەسوفەو بە یەک گفت یەکلای کردۆتەوە، ئەویش؛ فەلسەفە بریتییە لە داهێنانی چەمکەکان، چیتر فەلسەفە زانینی پرەنسیپە یەکەمەکان نییە، هەروەک لە پێناسەی گریکی (ئەرەستۆ)دا هاتووە، کە بەهێزترین شۆڕشی عەقڵ و وەرچەرخانەکانی گەورە؛ جێ پێی پێ لەق نەکرا (دولوز، ١٩٩٧، ل5)، چونکە فەلسەفە؛ پرسیارە دەربارەی سروشت و ژیان و شوێنی تایبەتی مرۆڤ لە گەردووندا، کە یۆنانییەکان پرسیاریان لەسەر کردوون و هەوڵی وەڵامدانەوەیان داون و دواتر ئەرەستۆ کۆیکردوونەتەوەو ناوی ناون فەلسەفەو لەژێر ئەم ناوەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون (میراودەلی، ٢٠٢١، ل ١١). بۆ زانینی چەمکی فەلسەفە؛ بەمشێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

**2- چەمکی فەلسەفە:**

**1-2فەلسەفە لەڕووی زمانەوانییەوە:**

فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە، پێکهاتووە لە (فیلۆ-Fileo) واتە (خۆشەویستی و خۆشویستن)و (سۆفیا-Sophia) واتە (حیکمەت، دانایی، مەعریفەت-زانست و زانیاری)، پێکهاتەی واتای هەر دوو وشەکە دەبێتە (خۆشەویستی حیکمەت-دانایی)، یان (هەوڵدان بۆ مەعریفەت) (علی، ٢٠١١، ل11)، سروشتی ئارەزووکردن و هەوڵدانە لەپێناو مەعریفەتداو تێگەیشتن لێی وەک بەشێکی دانەبڕاو؛ ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بە بنچینەی زانست و زانیارییەکانە.

لەبارەی بەکارهێنانی زاراوەی فەلسەفەوە (هێراکلیتس) دەڵێت: (( (فیساگۆرس-Pythagoras) یەکەمین کەس بووە؛ وشەی فەلسەفەی بەکارهێناوە؛ بەواتای زانستێک لەزانستەکان)) (کولبە، 2016، ل23)، (فیساگۆرس) وشەی (خۆشەویستی دانا)ـیی دانا بۆ ئەوانەی کاریان تەنیا لێکۆڵینەوەی سروشتی شتەکان بوو و جۆرەکانی تری مەعریفەیان بەلاوە ناوە؛ کاتێ هەستیان بە کەموکورتی خۆیان کردووەو زانیویانە سنووری مەعریفەتییان هی ئەوە نییە ناوی بنێن (دانا)ـیی وەک ئەوەی ئەوان ئاواتیان بۆ دەخواست،

چونکە بەر لە (فیساگۆرس) ناوی (داناو داناکان)ـیان بیستبوو، بەوانە دەوترا کە گرنگییان بە شتە خودایی و مرۆیی و هۆکارەکان داوە، بۆیە هەندێ پێیان وایە گەڕانەوەی ئەم وشەیە بۆ (فیساگۆرس) کارێکی گوماناوییە، لەبەر ئەوەیە؛ ئەوان پێیان وایە (سوکرات-Socrates) یەکەمین کەس بوویێت بەکاریهێنابێت، کە (ئەفلاتون) بۆ جیاکردنەوەی (خۆشەویستی دانایی) لەلای (سوقرات) لە بانگەشەکارانی دانایی لەلای چەواشەکارانی (سۆفستائییەکان) بەکاریهێنا (علی، ٢٠١١، ل 11).

(حیکمەت-دانایی) لەلای یۆنانییەکان واتای لێهاتوویی دەگەیەنێت، ئەو واتایەش لەلای شاعیر (هۆمیرۆس) لە ئەلیادە)و هەروەها (هیرۆدۆت) لە کتێبی مێژووی ناسراو بەناوی خۆی وەکو واتایەک بۆ گەڕان بەدوای زانیارییەکان بەکارهێناوە، (الطالبي، 2006، ل 13) بۆیە بەشی زۆری بەلای ئەوەوە دەچن کە (هیرۆدۆت) یەکەمین کەس بووە وشەی فەلسەفەی وەک زاراوە بەکارهێناوە، ئەوەشی کە پاڵی پێوەناوە وابکات ئاڕەزووکردنی لە مەعریفەت بووە، بە واتای وشەی فەلسەفەکردن یان هاوتاکەی گوزارشتی لێکردووە، هەندێکی دیکەش دەڵێن (ئەفلاتون) یەکەم کەس بووە وشەی فەلسەفەی بەکارهێناوە، لەو کاتەی وەسفی (سۆلۆن و سوقرات)ـی کردووەو بە فەیلەسوف  ناوی بردوون (بودبوس، 1996، ل15-13) بەمشێوەیە دەبینین کۆمەڵێک ڕای جیاواز هەیە لەسەر ناوهێنانی فەلسەفە، کە بە گەڕان بەدوای مەعریفەت ناوزەدیان کردووە.

### 2-2 فەلسەفە لەڕووی زاراوەوە:

ناساندنی فەلسەفە بەو ئاسانییە نییەوچەمکی گشتگیر بۆ فەلسەفە دەست ناکەوێت، چونکە وەڵامدانەوەی پرسیاری؛ فەلسەفە چییە؟ بۆ کرۆک و ناخی فەلسەفەمان دەبات و  بەرەوە قوڵیی شتەکان دەمانبات، سەرەڕای زۆری قوتابخانەکانی فەلسەفە؛ ئەمەش ئاستەنگی لەبەردەم بوونی چەمکێکی یەکگرتوو بۆ فەلسەفە دروستکردووە، بۆیە گەر بمانەوێت پێناسەی فەلسەفە بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی پێناسەگەلێک دەبینەوە، لەوانە:

(تالیس) یەکەمین فەیلەسوفەو لەمێژووی زانستیش یەکەمین زانایە لەسەر ڕێسای پێناسەکردن لەنێوان توێژینەوەی زانستی و فەلسەفیدا بووە، فەلسەفە لەلای ئەودا بریتی بووە لە گەڕان بەدوای هۆکاری یەکەمی گەردوون کە سەرچاوەی یەکەمی پێکهێنانی جیهانە (لالاند، 2001، ل 98)، فەلسەفە لەلای (تالیس)دا گەڕانی بنچینەییە، کە بۆتە هۆکار بۆ دروستبوونی گەردوون و تەواوی دونیا.

ئەفلاتون لەبارەی فەلسەفەوە وتویەتی: ((فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بەدوای هۆکارە باڵاکانی پشت دیاردەی شتەکان، کە لەبوونی دژبەیەکی نێوان دونیای هەست و نموونەی باڵای باوەڕپێکراو بدۆزرێتەوە، هەستییەکان تەنیا دەروازەیەکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە بابەتییەکان، کە بریتییە لە هۆکاری یەکەم)) (سبیلا، 1978، ل 38)، بەڕای (ئەفلاتون)ەوە فەلسەفە بریتی بووە لە دۆزینەوەی ئەو شتە سەرەتاییانەی کە هۆکارن بۆ دروستبوونی دیاردەکان ئەو ئاراستە پێچەوانەیەی کە لەنێوانی هەست و شتە باڵاکان  بوونی هەیە بەرچاوبخرێت.

لە تێڕوانینی فەیلەسوفی کلاسیکی بەناوبانگ (ئەرەستۆ) فەلسەفە بریتییە لەزانستی تیۆری تایبەت بە پرەنسیپ و هۆکارە یەکەمینەکانی بوون و بوونگەرایی، یان فەلسەفە دایکی زانستە، کە زانسەکانی تری لێدەبێتەوە، یان فەلسەفە بریتییە لە زانستی بوونگەرایی ئەوەی کە بوونی هەیە، واتە ئەو زانستەیە کە لەڕێگەیەوە هۆکارو پاساوی یەکەمی بوونگەرایی دەناسینەوە (بشوظ، 2017، سایت)، فەلسەفە لەڕوانگەی (ئەرەستۆ)وە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی هۆکارە سەرەتاییەکانی بوونگەرایی کە زانستی یەکەمی لێی پەیدابووە، زانستەکانی تریش لە زانستی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، واتە سەرجەم زانستەکانی تر لە فەلسەفەوە لەدایکبوونە.

(شیشرۆن) دەڵێت: ((فەلسەفە ئەو زانستەیە بەهۆیەوە بە باشترین شێوە دەتوانین سوود لە شتەکان وەربگرێت، بەهەموو هۆکارێکی بەردەستخراو)) (کولبە، 2016، ل 24)، واتە فەلسەفە ڕێکخەری ژیانی مرۆڤە بە هەموو ئەو شتانەی هەوڵی بۆ دەدات و بەردەستی دەخات.

بەشێوەیەکی گشتی بیروڕایەکان کۆکن لەسەر ئەوەی فەلسەفە ڕێگەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە چەند بابەتێکی دیاریکراو؛ وەکو (ئاکار، بوون، بەها، فیکر، واتای شتەکان)، ئەمەش لەچواچێوەی  چوار پێوەردا؛ وەکو: (وەڵامدانەوە، ڕەنگدانەوە، عەقڵانییەت و گەڕاندنەوەی نرخاندن) (Sellars, 2021, Site).

لەگەڵ ئەمەشدا لەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت؛ ناساندنی فەلسەفە لە لای (شیشرۆن) بەرتەسکترەو سنورێکی بچوکتری بۆ هێشتۆتەوە، چونکە تەنیا لەچوارچێوەی ئاکارو خوڕەوشت و کاروکردەوەی مرۆڤی کورتکردۆتەوە، بە بەراورد بە (تالیس

و ئەفلاتون و ئەرەستۆ)، سنورەکەی بەرفراوان بووە، چونکە فەلسەفە بەلایانەوە لێکۆڵینەوە بووە لە بنچینەو کرۆک و هۆکارە یەکەمینەکانی پشت دروستبوونی گەردوون.

### 3- فەلسەفە بەچی دەست پێدەکات؟

فەلسەفە بەسەرسوڕمانەوە دەست پێدەکات، هەروەکو (ئەفلاتون و ئەرەستۆ) دەڵێن؛ فەلسەفە توانای ئەوەمان پێدەبەخشێت خەیاڵی هەموو شتێک بەجیاواز لەویتر کە هەیە بکەین، کاتێک سەیری شتی باو دەکەین وەک ئەوە وایە سەیری شتێکی نامۆمان کردبێت، نامۆش لەلامان دەبێتە شتی باو و سەرسوڕمان (علی، ٢٠١١، ل ٢٢) چونکە بینینی شتی نامۆ نیگاکان بەرەو خۆی کێش دەکات، وای لێدەکات جیای بکاتەوە.

سەرسوڕمان جۆرێکە لە ئاگایی، ئاگایش گرنگترین شتە کە مرۆڤی بیرمەند لەوانیتر جیا دەکاتەوە، مرۆڤ ڕۆژانە هەزاران دیمەن و ڕووداو و هەڵوێست بەچاوەکانی دەبینێت و تێپەڕ دەبێت، بەڵام هیچ شتێک لەمانە سەرنجی ڕاناکێشێت و ڕایناگرێت؛ وەک بڵێی بەلایەوە گرنگ نەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا هونەرمەندو ئەدیب هەندێ لەو هەڵوێست و دیمەنانە ڕایاندەگرێت و سەرسوڕدەمێنن و بەئاگایان دێنێتەوەو جوڵەیان پێدەکات، بەمەش لەخەڵکانی دیکە جیاواز دەردەکەون، چونکە بەو دیمەنانە، یان ئەویتر، بەم هەڵوێست، یان هەڵوێستیتر هەڵدەچن، هونەرمەند بە ئەزموونی هونەری خۆی؛ دووبارە دیمەنەکە بنیات دەنێتەوە، وەک بڵێی پێشتر نەمانبینیبێت (علی، ٢٠١١، ل ٢٢-٢٣)، ئەدیبیش بە تێڕامان و تێفکرینی لە دیمەنەکان، سەرلەنوێ بەشێوەیەک گوزارشتی لێدەکاتەوە؛ وەک ئەوە وایە کە وێنەو دیمەنێکی خەیاڵی بە وشەکانی داڕشتبێت و پێشتر پێی ئاشنا نەبووبین، ئەمەش سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆی ڕادەکێشێت و بەرەو دەریایەکی قوڵی بیرکردنەوەی دەبات لە چۆنیەتی دروستبوونی و هۆکاری بوونی ئەم شتە چییەو بۆچی دەگەڕێتەوە.

هەرچی فەیلەسوفە ئەوا زیاتر ڕوو دەچێتە قوڵایی شتە سەرسوڕهێنەرەکان، بەشێوەیەک کە دەیەوێت بە بنج و بنەوانی شتە نامۆکان بگات و لەهۆکارو سوود پێویستی ئەم شتە سەرسوڕهێنەرە بەدەربخات، واتە کەسێکی وردبینە بۆ سەرجەم شتەکانی دەوروبەری، بەمشێوەیە زیاتر لە ئەدیب و هونەرمەند وردترو تیژتر بۆ شتەکانی دەوروبەری دەڕوانێت.

### 4- ئەرکی فەلسەفە چییە؟

ئەرکی فەلسەفە زیاتر سەرنجدان و توێژینەوەیە لەگەڵ وتوویژکردن، فەلسەفە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش سەرنج ڕاکێشانە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی، بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەک دەربارەی تێکڕای ژیان و چالاکییەکانی (عوسمان، ٢٠١٩، ل ١٥)، بۆیە فەلسەفە دوو ئەرکی سەرەکی هەیە؛ ئەوانیش: (شیکردنەوەو پێکهاتن)ـە، کە دوو جۆری چالاکی فیکرین، کە فەیلەسوفەکان جێبەجێی دەکەن، دەبینین فەیلەسوفەکان بە بەردەوامی دوو مەبەستی سەرەکییان هەیە؛ ئەوانیش: بنیاتنانی سیستەمێکی میتافیزیک و لۆژیک و ئەخلاق ئەمە (پێکهاتن)ـە، ڕوونکردنەوەی بیرۆکە گرنگەکانیش ئەمەش (شیکردنەوە)ـیە، ئاماژە بەوە دەکرێت ئەوەی لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوەیە ئەوا (پێکهاتن)ـە، بەڵام (شیکردنەوە) لەڕوانگەیەکی ترەوەیە، بۆ نموونە: (کۆماری ئەفلاتون) بنیاتنانە لەچوارچێوەی بازنەی بیرکردنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، کە تەواو دادپەروەر بێت، دەکرێت بۆ بیرۆکەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر شیکردنەوە بێت، بۆیە دەکرێ بڵێین؛ (شیکردنەوەو پێکهاتن) پێچەوانەی یەکترن، چونکە لە پراکتیکدا یەکتر تەواو دەکەن (علی، ٢٠١١، ل 26)، بەمشێوەیە گرنگترین ئەرکی فەلسەفە خۆی لە (شیکردنەوەو پێکهاتن) دەبینێتەوە:

#### 4-1- شیکردنەوە:

شیکردنەوە وەکو میتۆدێکی گشتی؛ مەبەستی دابەشکردنی گشت بۆ بەشەو گەڕاندنەوەی ئەو شتەیە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی (جمیل، ١٩١٢، ل 254)، واتە وەک ئەوە وایە گرنگی بە چەمکەکە بدەیت، پاشان شیبکرێتەوە بۆ ئەو چەمکانەی کە پێکیان هێناوە، دواتر ژماردنی هەموو ئەو واتایانەیە کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات، هەوڵدەدات تایبەتمەندێتی هاوبەش لەنێوانیاندا وەربگرێت، ئەگەر ئەو شتەی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت واقیعی بێت، ئەوا شیکردنەوەکە پێی دەوترێت (ڕاستەقینە، یان سروشتی)، ئەگەر عەقڵی بێت، ئەوا شیکارییەکە پێی دەوترێت (خەیاڵی) (مالك، 2016، ل 118)، (شیکردنەوە) سەرجەم بوارە فیکرییەکان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بە ئەنجام و بنچینەی شتەکان بگەین، فەیلەسوف کاتێک لە هۆکاری بوون و بنچینەی هەر بابەت و شتێک دەکۆڵێتەوە؛ ئەوا بابەتەکە ورد دەکاتەوە بۆ بەشە بنچینەییەکان؛ ئەم هەنگاوانە بەمەبەستی ئاسانترو خێراتر لەخۆی تا بگەنە واتای مەبەست و لەخۆگرتووی بابەتە سەرکییەکە، بەمشێوەیەش دەرچەیەکە بۆ ئەوەی لە ئاڵۆزی واتاو دەرەنگ گەیشتن پێی ڕزگاریان دەبێت.

**2-4- پێكهاتن:**

پێكهاتن وەكو چەمك؛ پێكهێنانی گشتە لەبەشەكانی، بۆ نموونە: ئەگەر ئاو لە ئۆكسجین و هایدرۆجین پێكبهێنیت، ئەوا پێكهاتەكە تاقیكارییە، ئەگەر بنەما سادەو ساكارەكان تێكەڵ بكرێن و بەیەكەوە كۆبكرێنەوە، ئەوا ئەنجامە ئاڵۆزەكانیان لێ پێكدەهێنرێت، ئەو كاتە پێكهاتەكە عەقڵییە (خليل، 2010، ل 75).

لێرەوە بۆمان ڕوون بوویەوە (شیكردنەوەو پێكهاتن) لەگرنگترینی ئەركەكانی فەلسەفەن، هەردووكیان ئەركێك ڕادەپەڕێنێت جیا لەویتر، واتە تەواوكاری یەكترن و یەكتر تەواو دەكەن.

**دووەم: بنەماكانی فەلسەفە لە پەرتووكی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆ لە وەرگێڕانی (د. عەزیز گەردی):**

پەرتووكی (هونەری شیعر – شیعرناسی)؛ لە  ژیانی (ئەرەستۆ)و پێشەكی و بیست و شەش بەش پێكهاتووە، لەگەڵ ئەمانەش پەراوێزی پێشەكی و هەریەك لەبەشەكان؛ بەشیكردنەوەو تێڕوانینێكی فەلسەفیانەی وردی د. عەزیز گەردی خراونەتەڕوو، ئەمە بێجگە لەوەی بە زمانێكی كوردی ڕەوان و جوان وەرگێڕانی بۆ كردووە.

د. عەزیز گەردی بەڕێگەیەكی تایبەت هەڵساوە بە شیكردنەوەی سەرجەم بەش و پێشەكی كتێبی ئاماژەبۆكراوی ئەرەستۆ بۆ دۆزینەوەی بنەماكانی فەلەسەفە لەو پەرتووكەی ئەرەستۆدا، كە لەبنەمای فەلسەفی بنچینەییەوە دەستپێدەكەین، كە وردبوونەوە بووە لە جیهانی ماددی و مرۆیی بەرەو دۆزینەوەی نهێنییەكانی ئەو جیهانەی ژیانی تیایدا دەگوزەرێنین بردووە، دوای ئەوە وردبوونەوە بووە لە پێكهاتەی خۆی و لەوێشەوە بەرەو بنەماكانی تر ڕۆیشتوونە، ئەمەش بۆ ئارەزووی مرۆڤ دەگەڕێتەوە كە بە تێڕوانینێكی فەلسەفییانە بیر لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو گەردوونە بكاتەوە، بەمشێوەی خوارەوە هەریەك لەبنەماكانی فەلسەفە؛ (ئەو دیو سروشت، فەلسەفەی سروشت، دەروونناسی، مەنتیق (ژیربێژی)، جوانیناسی، ئەخلاق، فەلسەفەی یاسا، فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی كۆمەڵناسی) دەخەینە بەرباس و لێكۆڵینەوە:

**بنەمای یەكەم: ئەو دیو سروشت:**

ئەو دیو سروشت؛ ئەو زانستەیەیە هەوڵ دەدات جولێنەری شاراوەی ئەم جیهانە بدۆزێتەوەو پەرۆشی ئەوەیە ئەم نهێنییە ببڕێ تا هەست بە لێدانی بكات، كەواتە زانستی ئەو دیو سروشت؛ زانستی بوون و واجبە، كە زانستێكە بەدوای عیللەی یەكەمی شتەكاندا دەگەڕێ، لقێكە لە فەلسەفەو لەمەسەلەیەك دەكۆڵێتەوە كە فراوانترین بواری بۆ لێكۆڵینەوەی فەلسەفی هەیە، بە واتا زانستی ئەو دیو سروشت (میتافیزیک) لەپشت سروشتە، لە پشت هەستەكانمانەوەیە (رابوبرت، ٢٠١٧، ل ١٦-١٧). (د. عەزیز گەردی) بەشێوەیەكی زۆر لێهاتووانە بنەماكانی فەلسەفەی لە وشەو ڕستەو پەڕەگرافەكانی ئەرەستۆی بەدەرخستووەو بەشێوەیەكی فەلسەفیانە شیكردنەوەی بۆ كردوون، لەم بنەمایەدا ئەو دیو سروشت (میتافیزیک)ی باسكردووە، بەو واتایەی ئەو هێزەی بەچاو نابینرێت، بەڵام جیهانی بە جولە خستووە.

خستنەڕووی ئەو بنەما فەلسەفییە لەپەرتووكی ئاماژە بۆكراودا، ئەرەستۆ لەپێشەكی كتێبەكەیدا باسی لە چەند بابەتێك كردووە، یەكێك لەوانە (شیعری داستانی)یە (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٣)، لەو چەمكەوە (د. عەزیز گەردی) بنەمایەكی گرنگ و سەرەكی و سەرەتاترینی لێ خستۆتەڕوو، كە دەڵێت: ((داستان (Epic) یان (Epopeia) لە (Epos – ئیپۆس)ی یۆنانیەوە هاتووە، كە مانای: قسە، گۆرانی، چیرۆک،.. دەدات. داستان بریتیە لە چیرۆكێكی شیعری درێژ كە باس لە پاڵەوانێتی نەتەوایەتی دەكات و ڕووداوەكانی لە ڕاستی و خەیاڵەوە ئاوێتەبوون. كەسەكانی ناو داستان، لەبارەی لەش و ئاوەزەوە لەكەسانی ئاسایی جیان، لەوان بەرزترن، زۆرجار پاڵەوانەكان لەگەڵ خوداكان دەكەونە زۆرانبازی، داستان ئەفسانەو هەقایەتی میللی و شارستانێتی نەتەوایەتی و مێژووی دێرین و شەڕوشۆڕو داب و نەریت و گیروگرفت و بیروباوەڕی سروشتی و ئەو دیو سروشتی تێدایە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١١٢)، (د. عەزیز گەردی) لەڕێگەی شیكردنەوەی كەسایەتی و ڕووداوەكانی داستانەوە؛ وێنای دونیاو بوونی مرۆڤ و چۆنیەتی بیركردنەوەی لەسەر گۆی زەوی كردووە، كە چۆن بەدوای ئەو وردەكارییەدا وێڵن و چۆن ئەو گەردونە لە جووڵە دایە، ئەو هێزە شاراوەیەی بەردەوام جووڵەی پێدەكات و نابینرێت چۆن پێی بگەن و بزانن بەچ شێوازێك ئەو جووڵە شاراوەیە بەردەوامی پێدراوە، لەهەمان كاتیشدا باس لەو جۆرە كەسانە دەكات كە جیاواز بیریان كردۆتەوە، بەمەبەستی ئەوەی چۆن بگەن بەو هێزە شاراوەیە، بۆ نموونە: كاتێ باس لە جیاوازی كەسەكان دەكات كە لەڕووی لەش و ئاوەزەوە جیان واتە ئەو كەسانە لەبیركردنەوەو قاڵبوونەوە لە شتەكانی دەوروبەر وردترن لەچاو ئەوانەی دیكە، چونكە دەڕواننە هۆكاری پشت ڕوودانی شتەكان، بەردەوام ئاوەزیان لەكاردایە بۆ ئەوەی ئەو هێزە بدۆزنەوە، هەندێك مرۆڤ زۆر بەسادەیی لەشتەكان دەڕوانن، واتە تێڕوانینەكەیان ڕوكەشانەیە، هەوڵ نادەن ئەو شتانەی كە ڕوو

دەدەن لە هۆکاری پشت ڕوودانیان بکۆڵنەوە، واتە لێرەدا (د. عەزیز گەردی) جیاوازییەکەشی ڕوونکردۆتەوەو بەشێوەیەکی فەلسەفی بنەمای ئەو دیو سروشتی لە پاڵەوان و خواوەندی داستانەکە خستۆتە بەردیدی خوێنەران.

**بنەمای دووەم: فەلسەفەی سروشت:**

ئەم بنەمایە بریتییە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییە بەراییەکان؛ بەدەوری بیرناوەکاندا دەخولانەوە، واتە هەموو ئەو شتانەی جیهانیان پێکهێناوە، لەبەر ئەوە گرنگترین مەسەلەکانیان گەڕان بوو بەدوای هەموو ئەو ڕواڵەتانەی هەستەکانمان دەکەونە سەریان، کە گۆڕانی زۆریان بەسەرداهاتووە، گەڕانە بەدوای ئەو ڕەگەزو ماددانەی کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەش بەسەریدا دێن، بەڵام هەر دەمێنن، ئەو بابەتەش پێی دەوترێت (فەلسەفەی سروشت)، سروشتیش یەکەیەکە لەچەندین شێوەدا دەردەکەوێت، مرۆڤ لەپەیدابوونیەوە لەهەولدابووە بۆ گەڕان بەدوای زانینی یاسای نەگۆڕی گۆڕانی بەردەوامدا، دەیەوێت ئەو توخمە بناسێت کە گۆڕانەکانی بەسەردا دێت و دیاردە جۆراوجۆرەکان بەسەریدا ڕوودەدەن، ئەوەیە فەلسەفەی سروشت کاری بۆ دەکات (رابوبرت، ٢٠١٧، ل ١٩-٢٠)، واتە: فەلسەفەی سروشت لێکۆڵینەوەو ودبوونەوەیە لەپشت ڕوودانی هەموو ئەو ڕەگەزو دیاردانەی سروشت، کە چۆن بەردەوام لەگۆڕاندایە بەڵام ون نابن، ئایا ئەو هێزە نەگۆڕەی گۆڕان بەسەر دیاردە سروشتییەکاندا دێنێت چییە؟ کە ئەو هێزە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو دیو سروشت، کە بەردەوامی بە هەموو ئەو ڕەگەزو دیاردە سروشتیانە دەدات، بێ ئەوەی ون بن، لەهەمان کاتیشدا بێ ئەوەی بەریەک بکەون، ڕەگەزو دیاردە سروشتییەکان یەک بەدوای یەک و لەشوێن و کات و ساتی خۆی ڕوودەدەن.

(د. عەزیز گەردی) لەوەدا دەردەکەوێت، کە چەند وردبینانە ئەو بنەمایەی لە پەرتووکی ئەرەستۆ هەڵقۆستەوەو بەشێوازێکی زۆر جوان و وردو تێڕوانینێکی فەلسەفیانە شیکردنەوەی بۆ کردووە، بە وێنە ئەرەستۆ لە کتێبەکەیدا جیاوازی (هۆمیرۆس و ئەمپیدۆکلیس)ی کردوووەو دەڵێت: (( هۆمیرۆس و ئەمپیدۆکلیس، جگە لەکێش هیچ شتێ بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە، هەر بۆیە، لەکاتێکا دروستە بە هۆمیرۆس بگوترێ شاعیر، چاکتر وایە بە ئەمپیدۆکلیس بگوترێ فەیلەسوف، نەک شاعیر)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل١٦)، لەمەشەوە (د. عەزیز گەردی) شیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ دەربڕینەکەی ئەرەستۆوە کردووەو وتویەتی: ئەمپیدۆکلیس فەیلەسوف و زاناو شاعیرو گوتاربێژو پیاوی دین و دەوڵەت و پزیشک بووە، دوو هۆنراوەی بە کێشی شەش پێی هەیەو باسێکیشی لەبارەی (سروشت) و (پاکبوونەوە) نووسیوە، لە کتێبی (سروشتدا) دەڵێ: بوون (الوجود) لەچوار ڕەگەز پێکهاتووە: (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ) کە ڕەگەزی ئەبەدین و پێیان دەڵێن (ڕەگ)، بە لای ئەوەوە یەکگرتن و لێکپچڕانی نێو ڕەگەکان بۆ دوو هێزی گەورە دەگەڕێتەوە، کە خۆشەویستی و ڕقە (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٢٢)، لەم گۆشەنیگایەوە (د. عەزیز گەردی) باسی لە فەلسەفەی سروشت کردووە، کە (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ) ڕەگەزی بنچینەیی و هەتاهەتایین، واتە لەناو ناچن، بۆ پەیی بردن بە جووڵێنەری سەرەکی و بنچینەیی ڕەگەزەکان و هۆکاری پشت ڕوودانیان ئەوا لێکۆڵینەوەیە لەو هێزەی کە ئەبەدیەتی بەو ڕەگەزانە بەخشیوەو لە لەیەکترازانی نێوان ڕەگەزەکانەوە؛ دیاردەکانی تری سروشت دێنە ئاراوە، ئەمەش بۆ ئەو هێزە گەورە نهێنیە دەگەڕێنێتەوە کە چاو ناتوانێت بیبینێت و حوکمی پێناشکێت.

**بنەمای سێیەم: دەروونناسی:**

دوای وردبوونەوە لەجیهانی ماددی لەوە گرنگتر بۆ مرۆڤ هاتە پێش، ئەویش وردبوونەوە بوو لەخۆی، واتە دەروونناسی کە لەو کارانەی دەیانکەین و لەو ڕێگەیەی بۆ گەیشتن بەو هەستکردنە دەیگرینەبەر؛ دەکۆڵێتەوە، لە حەقیقەتی ئەو هێزانە دەکۆڵنەوە کە ئەوانە دەیکەن، مەبەست هێزی مەعریفەو هێزی شعورو سنوورەکانی فیکرو ڕادەی متمانە بەدروستی بیرکردنەوەو ئەرکە جیاوازەکانی عەقڵە، کە بەهۆیانەوە درک دەکەین و حوکم دەدەین و خەیاڵ دەکەین، کەواتە دەروونناسی لەکاری عەقڵ دەکۆڵێتەوە (رابوبرت، ٢٠١٧، ل٢٥-٢٧)، ئارەزووی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لەو جیهانە شاراوەیەی کە جووڵەمان پێدەکات، حەزو ئارەزو هەستکردنی مرۆڤ و .... ئەمان لەپێناو ئەوەی لێی تێبگات، چۆن چۆنی ئەو هێزە ناوەکیە کاروکردەوەو هەستەکان جووڵە پێدەکات و ئاراستەی شتەکان دەکاتەوە، بە وردی لێی ڕامایەو بەدوای شیکردنەوەی بردووە.

بۆ نموونە کاتێ ئەرەستو باس لە پاکبوونەوەی دەروون و کردەوەی خەڵک دەکات و دەڵێت: ((تراجیدی لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە، کە درێژییەکی دیاری هەیەو بەزمانێکی پاراو نووسراوە، کەچەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووەو لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن، ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی نەک بەگێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە (بەزەیی)و (ترس) دەوروژێنێ و بەمەوەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆزە دێتە دی)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٧)

(د. عەزیز گەردی) لەمەر پێناسەیەی ئەرەستۆوە بنەمایەکی دیکەی فەلسەفەی شیکردۆتەوە، ئەویش (فەلسەفەی دەروونناسی)یە، کە چۆن ئەو هێزە شاراوەی نێو جەستەی مرۆڤ پاڵنەر دەبێت بۆ ئەوەی لەو بارە دەروونییە ڕزگاری بێت و دەڵێت: ((تراجیدی لەهەموو جۆرەکانی تری شیعر جیایە، جیاوازییەکە لەچوار ڕەگەزی بنەڕەتی دایە کە تراجیدی پێک دێنن:

أ- بابەتی لاساییکردنەوە (کردەوەی خەڵک).

ب- کەرەستەی لاساییکردنەوە (زمانی تایبەت).

ج- ڕێگاو شێوازی لاساییکردنەوە (پێشکەشکردنی ڕاستەخۆی درامی).

د- ئامانجی لاساییکردنەوە، پاکبوونەوە لەهەردوو سۆزی (ترس)و (بەزەیی).

- کردەوە بەلای ئەرەستۆ دوو هۆی هەیە: کەسێتی و هزر.

کەسێتی: کەسێتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ کە کردەوەیەکی تایبەتی ئەنجام بدا، ئەو تەنیا ئەو کردەوانە دەکا کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی خۆی دەگونجێ.

هزر: هزرەکەشی ڕێی نیشان دەدا لەهەر هەڵوێستێکا، چی هەڵبژێری و خۆی لەچی بەدوور بگرێت.

کەواتە هزرو کەسێتی بە یەکەوە کردەوەی مرۆڤ پێک دێنن. لەبارەی چۆنیەتی لاساییکردنەوەی کردەوەش، هەر تەنیا کارو ڕوداوو چالاکی مرۆڤ نییەو بەس، بەڵکو بزوێنەرەکانی پشت ئەم کارو چالاکیانەشە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل١٤٧-١٤٨)، (د. عەزیز گەردی) فەلسەفییانە پێناسەکەی ئەرەستۆی شیکردۆتەوە، پەنجەی خستۆتە سەر خاڵە گرنگەکان، کە لەڕێگەی تراجیدیەوە تیشکی خستۆتە سەر بنەمای فەلسەفەی دەروونناسی لەڕێگەی شیکردنەوەی پاڵنەرە شاراوەکانی پشت ڕوودانی کاروکردەوەو چالاکییەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی هەڵبژاردن و جێبەجیکردنی کردەکانیان کە هزر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بەڵام ئەو هێزەی لەهزرەوەیە چییە؟ ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تر پرسیار دەوروژێنێت؛ ئایا ئەو هێزە شاراوەیە چییە کە وا هەستی (ترس)و (بەزەیی) لە دەروونی مرۆڤدا دەجولێنێت؟ و دەبێتە هۆی دەرکردن و پاکبوونەوەی لەو پاڵە پەستۆیەی کە قورسایی لەسەر دەروونی مرۆڤ دروست کردووە، واتە لێکۆڵینەوە لەو هێزە شاراوەیە دەکات کە هۆکارە بۆ جووڵەو ئەنجامدانی چالاکییەکان و ڕزگاربوون لەپاڵەپەستۆی دەروونی.

### بنەمای چوارەم: زانستی ژیربێژی:

ژیربێژی زانستی بیرکردنەوەی ڕاستە، لەو یاساو مەرجانە دەکۆڵێتەوە بۆ گەیشتن بە حوکمێکی ڕاست و دروست؛ پێویستن، کە هەموو بیرمەندێکی ئاسایی قبوڵی بکات، ئەو مەرجانە چین وا دەکەن حوکمدان ڕاست و دروست بێت؟ چۆن حوکمدان تاقی بکەینەوەو لە ڕاستیەکەی خاترجەم بین؟ ئەمانە کۆمەڵێ بابەتن زانستی مەنتیق بەدوایاندا دەگەڕێت، کە هەر بەتەنیا ئەوەمان فێر ناکات چۆن بیر بکەینەوە، یان ئاوەز (عەقڵ)ـمان لەکاتی بیرکردنەوەدا چی دەکات، بەڵکو فێریشمان دەکات چۆن بیر بکەینەوە، بیرکردنەوەی دروست و ئەوەی دەیکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجێکی ڕاست و شیکردنەوەیەکی تەواو و هەڵەی فیکریمان پێشان دەدات کاتێ لەڕێساکە لادەدات (رابوبرت، ٢٠١٧، ل٣١-٣٢)، ئەم بنەما فەلسەفییە لەبنچینەی ڕاست و درووستی بابەتەکان دەکۆڵێتەوە، مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوەی دروست دەبات و لەهەڵە بەدوری دەگرێت.

کاتێ ئەرەستۆ باس لە چنینی ڕووداوەکان دەکات، ئەوا یاسایەک بۆ کورت و درێژی ڕووداوەکان دادەنێت چونکە بەلایەوە لە هەموو شتێ گرنگترەو دەڵێت: ((شتی تەواو ئەوەیە کە (سەرەتا)و (ناوەڕاست)و (کۆتایی) هەبێ، (سەرەتا) ئەوەیە لەدوای شتی ترەوە نایە، بەڵام شتی تری بەدوادا دێ. (کۆتایی) بەپێچەوانەوە، ئەوەیە بەسروشتی خۆیەوە بەدوای شتی تردا دێ، چ بەناچاری بێ و چ بەشیاوی بێ، بەڵام خۆی هیچ شتی تری بەدوادا نایەت، (ناوەڕاست) ئەوەیە لەدوای شتێکی ترەوە دێی و شتێکی تریشی بەدوادا دێ، چنینی چاک نابێ سەرەتاو کۆتایی هەرچۆنی ڕێک کەوت بەو جۆرە بێ، بەڵکو دەبێ لەگەڵ ئەو بنەمایانە بگونجێ کەباسمان کردن)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٥٣)، (د. عەزیز گەردی) هەڵساوە بەشیکردنەوەی قسەکانی ئەرەستۆ بە پێی بنەمای فەلسەفەی ژیربێژی و دەڵێت: ((لای ئەرەستۆ چنین دەبێ خاوەنی قەبارەیەکی دیاریکراو بێ، واتە درێژبوونەوەی بۆ مەودایەکی تایبەتی بێ، نابێ نەزۆر درێژ بێ و نەزۆر کورت، ئەگەر زۆر درێژ بێ، زەین ناتوانێ هەمووی وەربگرێ و پێش گەیشتنە کۆتایی؛ سەرەتاکەی لەبیر دەکا، ئەگەر زۆر کورتیش بێ زەحمەتە لەو ماوە کورتەدا شاعیر بتوانێ ئەو ڕووداوانە پێشکەش بکا، کە گۆڕینی چارەنووسی پاڵەوانەکەیان بە دەمەوەیە، هەروەها بەڕوونی بەشە جیا جیاکان پێشکەش بکا، درێژی پەسند ئەوەیە کە لەگەڵ (یەکێتی ڕووداو)ەکەدا بگونجێ: بایی ئەوە هەبێ کردەوەی گۆڕانی چارەنووسی پاڵەوانەکە بەرێکی گەشە بکات و بەشەکانی ڕووداوەکەی ڕێک و ڕەوان بێ و پەیوەندی بەشەکان لۆجیکی بێ و سەراپای هاوسەنگ بێ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٥٣)، دانانی یاساو ڕێسایەکی تایبەتە بۆ ئەوەی

بەرهەمەکە بەشێوەیەکی تۆکمەو ڕێک و دوور لەهەڵە پێشکەش بە وەرگر بکرێت، گەر بێت و قەبارەی دیاریکراو نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی نارێکی لە خستنەڕووی بەرهەمەکە، واتە گەران بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تەواو بۆ پەیڕەوکردن لە ژیانی داهاتوویاندا.

**بنەمای پێنجەم: جوانیناسی:**

جوانیناسی لقێکە لە فەلسەفە؛ گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەو ڕونکردنەوەی چەمکی (جوانی)، خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە، کە لەکاتی لێوردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدادەبن، هەموو ئەو بابەتانە دەگرنە خۆیان، کە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بەدەستەوە (میراودەلی، ٢٠٠٥، ل ١٢)، بەو واتایەی؛ فەلسەفە لە جوانیناسیدا گەڕان و شیکردنەوەیە بەمەبەستی گەیشتن بەهۆیەکانی جوانکردن، یان ئەو سیفەت و لایەنانە چین، کە وا دەکەن کاریگەریان بۆ جوانکردنی شتەکان هەبێت.

بۆ ئەم بنەما فەلسەفییە ئەرەستۆ باسی جوانی لە زمانی شیعردا دەکات و دەڵێت: ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندیی تێدایەو لەسەرووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە، مەبەستم لەبەکارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی خوازراوەو وشەی درێژکراوەو هەر شتێکی ترە، کە لەحاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەتەڵ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٨٣)، ئەم جۆرەیان بەپێی شیکردنەوەی (د. عەزیز گەردی) دەڵێت: ((ئەرەستۆ لە (هونەری گوتاردان)ـدا، جارێکی تر دێتەوە سەر باسی گیروگرفتی هەڵبژاردنی وشەی شیعری، مەیل و مەتەڵێکی کۆنی یۆنانی بووە، مەتەڵەکە لە وشەکانەوە دروست بووە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٩٧)، مەبەست لە مەتەڵ وشەکان بەشێوەیەکی ئەوەندە سەرسوڕهێنەرو جوان داڕێژرابن، وەرگر لەبەردەمیا شاگەشکە بێت، نەزانیت ئەم وشە بە چ واتایەک دەربراوە، پرسیار گەلێک دێنە ئاراوە، بۆچی ئەم وشەیە لێرە دەربراوە، شاعیر لەدەربڕینیدا چ پەیام و مەبەستێکی هەیە، ئایا فەرهەنگی بیری ئەو شاعیرە دەبێت چەندە وشەی تری ناباو و جوانی تێدابێت؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر، بۆیە هەر چەند وشەکانیش دەگمەن و کەم وێنە بن، ئەوەندەیتر سەرنجی وەرگرو بینەران بۆ خۆیان کێش دەکەن و پێی سەرسوڕ دەمێنن، واتە شتە جوانەکان نیگای وەرگر بۆ خۆیان دەبەن، بەشێوەیەک کە چەندەها پرسیار لەبیرو هزردا بوروژێنن و گرنگترینیان؛ ئایا سەرچاوەی جوانی وشەو شتەکانی دەوروبەرمان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

**بنەمای شەشەم: زانستی ئەخلاقناسی:**

ئەم بنەمایە لەوە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە مرۆڤ چۆن بێ و پێویستە چی بکات و بە چ شێویەک ژیانی دابڕێژێت، لەو مەرام و مەبەستەی پێویستە هەبێ دەکۆڵێتەوە، کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بە کردەوەکانی بەدەستی بێنێ و ئیرادەی ئاراستە دەکات، هەروەها ئەوەی مرۆڤ پێی بەخشراوە لە هێزی سەرسوڕهێنەری فیکر، کە لەڕێیەوە دەتوانێ لەماهیەتی خۆی بکۆڵێتەوە، شیاوی دەکات بۆ وردبوونەوە لەوەی لەبوونیدا ئامانجەو دانانی یاساو ڕێسا بۆ کردارو ڕەفتارەکانی و دانانی هەندێکیان بە باش و هەندێکیان بەدزێو، کۆی ئەو بیرۆکانەیەش پێی دەوترێت زانستی ئەخلاق یاخود ئەخلاقناسی، کە لەسەرچاوەی کارەکان و پاڵنەرو ئامانج لێیان و یاساکانیان و لە کارە هەڵبژێردراوەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لە حوکمی ئەخلاقی و سۆزەکان و ڕواڵەتەکانی لەژیاندا دەکۆڵێتەوە، بەگشتی ژیانی ئاکاریمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ئامرازەکانی تاقیکردنەوەی بۆچوونە ئاکاریەکان کەلەشێوەی دابونەریتدا دەردەکەون دیاری دەکات (رابوبرت، ٢٠١٧، ل ٤٥)، یان لەهەڵبژاردنی کاریکدا؛ بۆچی ئەم کارەی هەڵبژاردووە؟ مرۆڤ بۆچی خۆی لەهەندێ کار بەدوور دەگرێت، بنچینەی ڕەتکردنەوەو قبوڵکردن و کردن و نەکردنی هەر شتێک لەژیانی مرۆڤدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئەوا زانستی ئەخلاق وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوەو ئەو بنەماو ڕێگەیانە شیدەکاتەوە، کە مرۆڤ لە کارەکانیدا دەیگرێتەبەر.

ئەرەستۆ لە شیکردنەوەی لایەنی چاکەو خراپەدا بنەمایەکی گرنگی فەلسەفەی بۆ ڕوونکردووینەتەوەو دەڵێت: هەر کەسێ بتوانێ لایەنی چاکەو لایەنی خراپە لە تراجیدی لەیەک جیا بکاتەوە، دەتوانێ لە داستانیشدا ئەم جیاوازییە پێشان بدا، چونکە هەموو ڕەگەزەکانی داستان لەتراجیدیدا هەن، بەڵام وانییە هەموو ڕەگەزەکانی تراجیدی لەداستاندا هەبن (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٦)، (د. عەزیز گەردی) لەمبارەیەوە وتویەتی: (( (یەکێتی ڕووداو)ە ئەرەستۆ بەئاشکرا داوای پەیڕەوکردنی کردووەو بەمەرج و پێویستی داناوە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل١٤٦)، (د. عەزیز گەردی) لەشیکردنەوەی قسەکانی ئەرەستۆوە بنەمایەکی گرنگی فەلسەفەی بەدەرخستووە، ئەویش لەڕێگەی جیاکردنەوەی (چاکەو خراپەیە) واتە سوود و زیان، ئایا هۆیەکانی پشت کردنی کاری چاکەو خراپە چییە، ئایا چ شتێک بۆتە هاندەر بۆ کردنی کاری باش و بەسوود؟ خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟ چۆنیەتی بڕیاردان بۆ کردنی ئەو کارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەم کارە بۆ بە باش و ئەویتر بەخراپ دادەنرێت؟ ئەرەستۆ جیاوازی لەو بنەما بنچینەیە کردووە کە بۆتە پاڵنەر لە ڕەنگدانەوەی کارەکاندا (د. عەزیز گەردی) ئەو بنەمایەی بەپێی یەکێتی ڕووداوی ئەرەستۆوە ڕوونکردۆتەوە، چونکە هەر ڕووداوە کردەوەی باش و خراپ لێی بەرجەستە دەبێت و بنچینەی پشت ڕووداوی ڕووداوەکان.

ئەرەستۆ لە باسکردنی (کەسێتی)ـدا دەڵێت: ((هەموو شانۆگەرییەک، بەبێ جیاوازی ئەمانەی تێدایە: (دیمەن، کەسێتی، چنین، دارشتن، گۆرانی، هزر)، لەهەموو ڕەگەزەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە بێگومان تراجیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوە بەستراوەتەوە، مەبەست لە ژیان ئەنجامدانی جۆرە کردەوەیەکی دیاریکراوە نەک خاسیەتێک، کەسەکان، بەو خەسیەتەی هەیانە، کەسێتیان دەردەکەوێ، بەڵام بەختەوەری و بەدبەختییان بەهۆی کردەوەکانیان دێتە دی، کەواتە تراجیدی بۆ ئەوە پێشکەش ناکرێ لاسایی کەسێتی بکاتەوە، بەڵکو کەسێتی لەپێناوی کردەوەکەدا بەگەڕ دەخرێ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٩)، (د. عەزیز گەردی) چەمکی (کەسێتی) لای ئەرەستۆ شیکردۆتەوەو دەڵێت: ((کەسێتی لەیۆنانیدا (Ethos) کە مانای کەسێتی، یان ڕەوشت دەدا، لای ئەرەستۆ بە مانای ئەو ڕەوشتەیە کە کەسێتی دروست دەکاو خواست و بڕیارەکانی دەست نیشان دەکات، تراجیدی لەبنچینەدا پێشاندانی وێنەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەی کەسەکانە، بۆیە لەتراجیدیدا کردەوە لە کەسێتی گرنگترە چونکە هەر کردەوەیەکە؛ کەسێتی دروست دەکات (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٩)، (د. عەزیز گەردی) لەشیکردنەوەی قسەکانی ئەرەستۆ و بەکارهێنانی چەمکی کەسێتی هەڵوەستەی کردووەو بۆ خوێنەرانی شیکردۆتەوە، کە کەسێتی واتە ڕەوشت، چونکە بەپێی جۆری کردەوە؛ جۆری کەسێتییەکە دیاری دەکرێت.

**بنەمای حەوتەم: فەلسەفەی یاسا:**

ئەم بنەمایە لە سیستەمە یاساییەکان و کاریگەرییەتی لەسەر یاساو هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی و ڕاددەی هێنانەدی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی یاسا دەکۆڵێتەوە (زنون، ١٩٩٢، ل ١٧)، ئەم فەلسەفەیە دیاریکردنی بنەمای یاسایەکە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵ پارێزراو بێت، جا ئەو یاسایانە کامانەن کە هەموار دەکرێتەوەو دەگۆڕدرێت و لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵ یاساکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت؟ ئایا ئەو هۆیانەی وا دەکەن ئەم یاسایانە نوێبکرێنەوە چین؟ بۆ چ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریان بەسەردا دەکرێت؟ ئەو بنەما فەلسەفییە بۆ مەبەستی بڕەودان بە ئامانجەکانی گشتی کۆمەڵ و پاراستنی مافیان لەئارادایەو لە هۆیەکانیان دەکۆڵێتەوە.

ئەرەستۆ باس لە بوونی یاسای دارشتنی هونەری لاساییکردنەوە دەکات و دەڵێت: ((هونەری لاساییکردنەوە ئەگەر لەشێوەی گێڕانەوەی شیعریدا بێ، پێویستە چنینەکەی وەکوو چنینی تراجیدی بەشێوەی درامی دابڕێژرێ، واتە: دەبێ ناوەڕاست و کۆتایی هەبێ، بۆ ئەوەی داستانەکە وەکوو بوونەوەرێکی زیندووی تەواو تام و چێژی دروست و تایبەتی خۆی هەبێ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٨٩)، (د. عەزیز گەردی) لە ڕوونکردنەوە شیکردنەوەی ئەم بنەما فەلەسەفییە لەم قسانەی ئەرەستۆوە وتوویەتی: ((داستان؛ شێوازو چیرۆک و گێڕانەوەو چۆنیەتی ڕێکخستنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەڕووی بابەتەوە لە تراجیدی دەکا، کە هەردووکیان لاسایی خەڵکە بەرزەکە دەکەنەوە، دارشتنی درامی دەبێ کردەوەیەکی تەواو پێگەیشتوو بنوێنێ، واتە چیرۆکەکە دەبێ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٠٠)، لەم شیکردنەوەی (د. عەزیز گەردی) بنەمایەکی فەلسەفی تیادا دەردەکەوێت، ئەویش دانانی یاساو بنەمایەکە بۆ ئەوەی لاساییکردنەوەکە سەرکەتوو بێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو یاسایانەش کە وا دەکات لاساییکردنەوەکە شوێنپێی خۆی بگرێت کامانەن؟ ئایا خزمەت بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت؟ ئایا بەچ شێوەیەک بابەتەکە پێگەیشتوو و سەرنجڕاکێش دەبێت؟، لایەکی تر باس لەبوونی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی بابەتەکان دەکات کە زیندوویەتی و چێژ بە دەقەکەو گێڕانەوەو لاساییکردنەوەکە دەبەخشێت، ئەو یاسایە کام یاسایە کە وا دەکات دەقە پێشکەشکراوە لاساییکراوەکە لەلای وەرگرا بمێنێتەوەو سوودی لێ وەربگرێت لە داهاتووی ژیانیاندا.

**بنەمای هەشتەم: فەلسەفەی مێژوو:**

فەلسەفەی مێژوو کەمتەرخەمییەکانی فەلسەفە پڕ دەکاتەوە، مێژوو فەلسەفە توندوتۆڵ دەکات بەو شێوەیەی کە نایەوێ بەرز بفرێ، مێژوو لەفەلسەفەوە حیکمەت وەردەگرێت، فەلسەفەش لەمێژوو واقیع وەردەگرێت، واتە هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن، فەلسەفەی مێژوو بۆ ئەوە پەیدابووە، کە پێداویستییەکانی مرۆڤ لە هزر جێبەجێ بکات، هەر کاتێک مرۆڤ دووچاری ناخۆشی و مەترسی و چارەنووسی نادیار بوویێت، ئەو کاتە پشت بەمێژوو دەبەستێت و ڕابردووشی پێدەبەخشێت (سابیر، ٢٠٠٥، ل ١٥-١٦)، واتە ئەو بنەما فەلەسەفەیە بەدوای شیکردنەوەو دۆزینەوەی ئەو لایەنەن کە مرۆڤ کۆمەڵێ پرسیار لەبیریدا گەڵاڵەدەبێت و هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامیان بۆ دەدات، بۆ ئەوەی بەو دونیا شاراوەیەی ڕابردوو بگەن کە شتانێک تێیاندا ڕوویانداوەو مێژوو بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەئامێزی گرتوون، لەهەمان کاتدا واقیع و حیکمەتی دۆزینەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو کە ڕوویانداوە پەی پێ ببەن.

ئەرەستۆ فەلسەفەی مێژووی بە بەراورد بە فەلسەفەی شیعر باسکردووەو دەڵێت: ((مێژوو باسی شتێ دەکا کە رووی داوەو شیعر باسی شتێ دەکا کە لەوانەیە رووبدا، هەر لەبەر ئەمەشە شیعر لەمێژوو فەلسەفیانەترو بەهادارترە، چونکە شیعر بایەخ بەڕاستەقینە هاماو و گشتی دەدا، کەچی مێژوو مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەی تایبەتی دەکات)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٣٧)، شیکردنەوەی ئەو بنەما فەلسەفییە لەلای (د. عەزیز گەردی)دا ئەوەی خستۆتەروو، کە ((مێژوو بەو مانایە گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بێ ئەوەی فەلسەفەی ئەو دیو ڕووداوەکان شی بکاتەوە، کەوتە شیعر لەمێژوو باڵاترە، چونکە شتی گشتی لەشتی پارچەیی بەرزو باڵاترە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٥٩)، (د. عەزیز گەردی) لە شیکردنەوەی ئەو بنەما فەلسەفییەدا ڕوونی کردۆتەوە کە وا ئەرەستۆ بۆیە شیعری لە مێژوو پێ فەلسەفیانەترە؛ چونکە پەنای بۆ شیکردنەوەی فەلسەفەی ئەو دیو سروشت نەبردووە، بەو مانایەی مێژوو باس لەو ڕووداوانە دەکات کە لە ئەرزی واقیع لە ڕابردوو ڕوویانداوەو لەبنج وبنەوان و هۆکاری ڕووداو و چۆنیەتی ئەو ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوورو لەپێشوو ڕوویانداوە، بەپێچەوانەی شیعر باس لەوە دەکات، کە دەشێت لەداهاتوو ڕووبدات.

## بنەمای نۆیەم: فەلسەفەی زمان:

ئەم فەلسەفەیە لە پەیوەندی زمان بە جیهانی ناوەوەو دەرەوەی دەکۆڵێتەوە، بۆیە ئەم فەلسەفەیە دوو واتای لەخۆ گرتووە: ((واتا دەرەکیەکەی؛ زمان گوزراشتە لە بابەتێکی دیاریکراو، دادەڕێژرێ لەسەر بنەمای پەیوەندی زمان بە باتەکانی ترەوە، وەکو؛ پەیوەندی زمان بە فیکرەوە، پەوەندی زمان بە جیهانەوە، پەیوەندی زمان بە واقیعەوە، پەیوەندی زمان بە بوونەوە، پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگە و دەسەڵات و ئایینەوە...هتد، واتا ناوەکییەکەی؛ ئەم ئاراستەیە بۆ زمان، دەروازەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە خودی زمان، یان کردنی زمان بە بابەتی خوێندن و لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە)) (حسن، 2012، سایت)، ئەمەش بنەمایەکی فەلسەفەیەو لە سروشتی زمان و پەیوەندییەکانی نێوان زمان و لایەنەکانی تر دەکۆڵێتەوە، واتە گرنگی بە کێشەکانی زمان و دیوی وشە دەربڕاوەکان دەدات کە چ واتاو مەبەست و پەیامێک دەدەن بەدەستەوە، لێرەوە گرنگی زمانمان بۆ دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی هیچ فەیلەسوفێک و فەلسەفەیەک بەبێ زمان نایەتە بوون.

ئەرەستۆ لە بارەی زمانەوە دەڵێت: ((زمان بەگشتی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت: تیپ، بڕگە، ئامرازی پەیوەندی، ئامراز، ناو، کار، گەردانکردن، یان دۆخ و دەستەواژە، یان ڕستە)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٧٣)، لێرەدا (د. عەزیز گەردی) هاتووە زۆر بەوردی شیکردنەوەی بۆ کردووەو وتوویەتی: ((لەبارەی سروشتی زمانی یۆنانییە، بۆیە چ لەئاستی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) بێ و چ لەئاستی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)ـدا بێ و تەنانەت لەخوازەو دارشتنی ڕستەشدا توشی هەندێ شت دەبین، کە بۆ ئێمە مانان زۆر ڕوون نییە، من هەوڵم داوە دەنگەکان بەتیپی ئێستای نووسینی کوردی بنووسمەوە، یان هەندێ وشەی کوردی لەبار بۆ جۆرەکانی وشەی یۆنانی بدۆزمەوە.. نەمویست وشەکان بە ئەلفبای گریکی بنوسمەوە، چونکە خوێنەری کورد، مەگەر تاک و تەرا، ئەگەرنا بەم ئەلفبایە ئاشنا نین، ئەرەستۆ لەباسی دانە بچووکەکانی زمانی گریکی زۆرجار تیپ و دەنگ  لەجێگای یەکتر بەکار دێنێ)) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٩٤)، (د. عەزیز گەردی) زۆر بە وردی بەدوای شیکردنەوەی زمانی ئەرەستۆوە بووە، بەدوای دەرخستنی بنچینەی زمانەکەوە بووە، بۆ ئەوەی زمانەکە ڕوون بێت، دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئایا بۆچی ئەرەستۆ تیپ و دەنگەکانی لەشوێنی یەکتر بەکارهێناوە؟ مەبەستی چی بووە؟ سوودی ئەم جێگۆڕینە لەچی دایە؟ (د. عەزیز گەردی) فەیلەسوف ئاسا بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بووە، ئەمەش تواناو بەهرەو لێهاتوویی دەردەخات لەهەمان کاتیشدا بۆمان ڕوون بوویەوە کە وا (د. عەزیز گەردی) شارەزایی لە زمانی گریکی هەبووە، بۆیە دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەو زمانەو کوردادندنی؛ بەمەبەستی ئاشنابوونی کورد بەواتا خوازراوەکانی نێو دەنگ و وشەو دەستەواژەکان.

## بنەمای دەیەم: کۆمەڵناسی:

کۆمەڵناسی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیەیە زانستی کۆمەڵەو کۆبوونەوە یان مرۆڤایەتی بەگشتی دەگرێتەوە، هەوڵ دەدات یاساو بنەماکان و نهێنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکات و ئەوە بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ بەکاربێنێ، کەواتە ئەو بارودۆخانە چین وایان لە مرۆڤ کردووە بە کۆمەڵ بژی؟ کۆبوونەوەیشیان بە چ جۆرێک بووە؟ جۆری ئەو کارانە چین مرۆڤ تێیاندا لەگەڵ غەیری خۆی هاوبەشە؟ خەڵک چۆن کار لەیەکتری دەکەن؟ جۆری ئەو پەیوەندییانە چین کە لەنێوانیاندایە؟ دواجاریش ئەو یاسایانە چین بەهۆیانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات؟(رابوبرت، ٢٠١٧، ل ٥٧-٥٨)، ئەمە ئەو پرسیارانەن ئەو بنەما فەلسەفییە هەوڵی بۆ دەدات وەڵامیان بەدەست بخات، دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە؛ گەیشتنە بە واتای ئەو بنەما فەلسەفییە.

ئەرەستۆ لەڕێگەی خستنەڕووی ئەکتەرەکان و شێوازی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر لە داستان و تراجیدی و بەراوردی نێوانیان؛ ئەو بنەما فەلسەفییەی وێناکردووەو دەڵێت: ئایا لەدوو شێوەکەی لاساییکردنەوە کامەیان پەسەندترە داستان، یان تراجیدی؟ ئەگەر

شێوەی هەرە باش ئەوەیە کە کەمتر سواو و بازاڕی بێ، ئەوەی کەمتریش سواو و بازاڕی بێ هەمیشە جۆرە خوێنەرێکی باشتر بۆ خۆی ڕابکێشێ، ئیتر لەمەوە دەردەکەوێت کە ئەو شێوەی سەرنجی هەموو کەس بۆ خۆی ڕابکێشێ، دەبێ تەواو سواو و بازاڕی بێ، ئەکتەرەکان وا تێ دەگەن، ئەگەر لەکاتی یاریکردنی دەورەکەیاندا لەخۆیانەوە شت زیاد نەکەن، ڕەشەوەندی خەڵک ناتوانن لەقسەکانیان بگەن (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ١٠٥)، (د. عەزیز گەردی) لەشیکردنەوەی ئەمەوە وتوویەتی: تراجیدی لەبەر چوار ئەگەر لە داستان پایە بەرزترە:

أ. ڕەگەزی زۆرە.

ب. نواندنی زیندووترە.

ج. کورترە (لەمەدای کات و شوێندا).

د. یەکگرتنی تێدا بەهێزە. (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل ٢٠٨)، لای ئەرەستۆ پرسیارێکی وروژاندووە لەسەر چەندێتی پەسەندبوونی نێوان (داستان و تراجیدی)؟ لە وەڵامدا؛ شێوازی سواو زیاتر سەرنجی خەلک ڕادەکێشی، واتە تراجیدی نەوەک داستان، کە وا ئەکتەرەکان لەخۆیانەوە وشەی سەرنجڕاکێش دەردەبڕن تاوەکو خوێنەر بەخۆیانەوە پەیوەست بکەن، جا بۆ ڕوونکردنەوەو وەڵامی پرسیاری ئەرەستۆ (د. عەزیز گەردی) وتویەتی: تراجیدی لە داستان باشترە، چونکە لەڕێگەی بنەماو ڕەگەزو زیندوویی و کورتی دیمەن و تێکەڵبوونی کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی بەهێزتر لەگەڵ یەکتردا لە تراجیدیدا بەرچاو دەکەوێت بە بەراورد بە داستان، (د. عەزیز گەردی) بەشێوەیەکی زۆر لێهاتوو و تێڕوانێکی فەیلەسوفانە بنەمای تێکچڕژانی کۆمەڵگەی خستۆتەڕوو، هۆکاری پشت تێکەڵبوون و لەیەکنزیکبوونەوەی کارەکتەرەکانی شیکردۆتەوە کە ئەمەش بۆ بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە.

## ئەنجامەکان

1- فەلسەفە پرسیار گەلێکە، فەیلەسوف بە دوای وەڵامیانەوە وێڵە، واتە: هەوڵدان و شیکردنەوەی بابەتەکانە بەمەبەستی زانینی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئەستەمە پێی بگەن.

2- لەڕێگەی وەرگێڕانی پەرتووکی (هونەری شیعری) ئەرەستۆوە (د. عەزیز گەردی) وا لەخوێنەر دەکات؛ نرخ و بەهای تایبەت بۆ فەلسەفە دابنێت، ئەویش بە بیرکردنەوە لە فەلسەفەو بنەماکانی؛ کە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانە لەلایان دروست بکات؛ وەک: بیرکردنەوەی مرۆڤ دەربارەی بوون و ژیان، نهێنی پشت دروست بوونی هەموو ئەوشتانەی دەبینرێن و درکیان پێدەکرێت، واتە سەرەتایەکی بەهێزی بیرکردنەوە لەهێنانەکایەی هەموو گەردوون و سوودی بۆ ئێمەو بوونمان لەسەر ئەرزی واقیع بەرەو بیرکردنەوەی قووڵ و نەبڕاوە ببات.

3- (د. عەزیز گەردی) بەڕێژەی (١٠) لە بنەماکانی فەلسەفەی زۆر لێزانانە لە پەرتووکی وەرگێڕدراوی (ئەرەستۆ) هونەری شیعر – شیعرناسی دەرهێناوەو فەیلەسوفانە لەتێڕوانین و گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیەوە شیکردنەوەی بۆ کردوون.

4- (د. عەزیز گەردی) لە هەندێک لە لاپەڕەی پەرتووکەکە؛ لە تاکە وشەیەکی ئەرەستۆوە بنەمایەکی گرنگی فەلسەفەی لێ خستۆتەڕوو و بیرو بۆچوون و وردبوونەوەو شیکردنەوەی بۆ کردووە.

5- تەنیا لەپێشەکی پەرتووکی وەرگێڕدراوی (هونەری شیعری) ئەرەستۆوە سێ بنەمای فەلسەفەی تیایدا بەرجەستە کردووە.

6- (د. عزیز گەردی) لەوەدا دەردەکەوێت، کە چەند دووربینانە ئەو بنەما فەلسەفیانەی شیکردۆتەوە، بەشێوەیەک؛ هیچ پیتێکی بە بێ خاڵدانان نەهێشتۆتەوە، چەندە شارەزا بووە لە چوونە ناو ناخی ئەو بابەتانە.

## سەرچاوەکان:

### 1- سەرچاوە کوردییەکان:

#### 1-1پەرتووک:


- ئەرەستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- رابوبرت، أ. س. (٢٠١٧)، بنەماکانی فەلسەفە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

- سابیر، رحیم (٢٠٠٥)، فەلسەفەی مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- عوسمان، هەرێم (٢٠١٩). نیشتیمانی فەلسەفە گەشتێک لەگەڵ پرۆفیسۆر حەمید عەزیز، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- میراودەلی، د. کەمال (٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

- میراودەلی، د. کەمال (٢٠٢١)، کۆرسی فەلسەفە – سەرەتاکانی فەلسەفەو بابەتە جەوهەرییەکانی فەلسەفە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، شوێن ؟.


#### 1-2 گۆڤار:

- زنون، د. حسن علي (١٩٩٢)، فەلسەفەی یاسا، وەرگێڕانی: ع-یس، گۆڤاری پارزینک، ژمارە یەک، هەولێر.

**2- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- بودبوس، رجب (1996)، تبسيط الفلسفة، الدار الجماهيرية، بنغازي.
- جميل، صليبا (١٩١٢)، المعجم الفلسفي، جلد الأول، دار الكتاب اللبناني، بيروت.
- خليل، ياسين (2010)، الفيلسوف والتفلسف، تحقيق وتعليق حسن مجدي العبيدي، دار ومكتبة البصائر، بيروت.
- دولوز، جيل. فليكس غتارى (١٩٩٧)، ماهي الفلسفة، ترجمة: مطاع صفدي، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، بيروت-لبنان.
- سبيلا، محمد، عبد السلام بنعبد العالي (1978)، التفكير الفلسفي، الطبعة الثالثة، دار توبقال المغرب، مغرب.
- الطالبي، عمار (2006)، مدخل إلى عالم الفلسفة، دار القصبة للنشر، الجزائر.
- على، د. حسين (٢٠١١)، ما هي الفلسفة، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت-لبنان.
- كولبه، زفلد (2016)، المدخل إلى الفلسفة، ترجمة: أبو العلا عفيفي، الطبعة الأولى، عالم الأدب للبرمجيات والنشر والتوزيع، بيروت.
- لالاند، اندريه (2001)، موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل احمد خليل، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت.
- مالك، بيار (2016)، الفلسفة وتعليمها، دار المناهل، بيروت، لبنان.

**3- پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

- بشوظ، الحسين (2017)، الفلسفة مفهوما، منظمة المجتمع العلمي العربي.
https://arsco.org/article-detail-25-8-0
- حسن، مجدى عزالدين (2012)، في فلسفة اللغة، الحوار متمدن.
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=327381&r=0
- Sellars, Wilfrid (2021), "WHAT IS PHILOSOPHY?", philosophy foundation.
https://www.philosophy-foundation.org/what-is-philosophy

**مبادئ الفلسفة في كتاب فن الشعر- لأرسطو- ترجمة الدكتور عزيز گه ردي**

**ژوان عبدالسلام عزيز گەردی**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية الشقلاوة،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
zhwan.azeez@su.edu.krd

**الملخص**
يعد هذا البحث الموسوم ب (مبادئ الفلسفة في كتاب فن الشعر- لأرسطو- ترجمة الدكتور عزيز گه ردي) محاولة جادة لعرض مبادئ الفلسفة في كتاب (فن الشعر عند أرسطو)؛ للبحث عن أسرار ليس يسيرا اكتشافها والوصول إلى مبادئ الفلسفة، وقد أكد الأستاذ المترجم الدكتور عزيز گه ردى في خضم ترجمته للكتاب؛ أنه قد بحث عن طائفة من الأسرار التي لم تكن معروفة من قبله وحوّل المجهول إلى معروف وكشف الخفي؛ ومن أجل الكشف عن المعلومات الخفية، وضع منطلقات ليتسنى للملتقى فهم النص الشعري واستيعاب مراميه ودلالاته وذلك من خلال البحث عن المبادئ الفلسفية، التي تكون في سياق ( النص الشعري) وقد حدد مجموعة من المنطلقات والمواضيع و استطاع إيجاد أجوبة للأسئلة الأساسية التي ترددت في ذهن المترجم ولهذا الغرض تم توزيع هذا البحث إلى محورين: المحور الأول: يناقش مفاهيم الفلسفة ووظائفها بشكل عام، أما المحور الثاني فيناقش مبادئ الفلسفة في الكتاب المترجم من قبل الدكتور عزيز گه ردى، وقد توصل البحث إلى نتائج متعددة مثبتة في الخاتمة وأنهى مشواره بسرد المصادر المستعان بها في الكتابة .

**الكلمات المفتاحية:** المبادئ الفلسفة، كتاب، أرسطو، الترجمة، د. عزيز گه ردى.

**Philosophy Principles in the Book "The Art of Poetry" by Aristotle Translated by Dr. Azeez Gardi**

**Zhwan Abdul-Salam Azeez Gardi**
Department of Kurdish Language/Shaqlawa, College of Education, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zhwan.azeez@su.edu.krd

**Abstract**
This paper is entitled (Philosophy Principles in the Book "The Art of Poetry" by Aristotle - Translated by Dr. Azeez Gardi), is an attempt to present the principles of philosophy in (Aristotle's Art of Poetry). Philosophy, is seeking for these secretes that are not easily discovered by mankind, the role model translator (Dr. Azeez Gardi) in the book he translated, searched for a number of secrets that had not been understood before and turned the unknown into knowledge and revealed what had been invisible. He delved in all the topics covered by this book in a way that he gave his understanding about each topic to make the information of hidden objects known and revealed. This is an attempt to understand, so that the recipient can feel or perceive it, which is a search for the philosophical principles, covered and embodied in the book of “The Art of Poetry”. Meaning, the translation of the book is the study of subjects and seeking answers to the basic questions that have echoed in the mind of the translator. (Dr. Azeez Gardi) was exploring for what and how the basis and connection of book topics to one another are, because philosophy is searching for any topics that can be delved deep. The present research is divided into two parts: the first part discusses the understanding, concepts and tasks of philosophy in general, the second part discusses the principles of philosophy in the book translated by Dr. Azeez Gardi. At the end. The conclusions drawn and the consulted sources are provided.

**Keywords:** principles of Philosophy, book, Aristotle, translation, Dr. Azeez Gardi.